# مەراسیمی باڵیۆزانی مافی مرۆڤ لە دەڤەری سۆران



**ڕاگەیاندنی وەزارەت:**

بەمەبەستی زیاتر بەشداریکردنی پسپۆران بۆ پێگەیاندنی کادیری بوارەکانی مافی مرۆڤ و تێگەیاندنی کۆمەڵگای کوردەواری و لە درێژەی پرۆژە و چالاکیەکانی نووسینگەی سۆرانی مافی مرۆڤ و بە ئامادەبوونی خاتوو (ئاڤگە عومەر ڕەشید) نوێنەری وەزیری مافی مرۆڤ مەراسیمی دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی کۆرسی پێگەیاندنی ڕاهێنەرانی مافی مرۆڤ ئەنجامدرا...

ئەم کۆرسە لەسەرەتای ئەمساڵ لەلایەن نووسینگەی ناوبراو بۆ ماوەی یەک مانگ ئەنجامدرابوو و تیایدا (٣٠) کەسایەتی لە ناوچەکەدا بەشداربوون و لەدوایشدا گرووپی باڵوێزانیان پێکهێنا وەک گرووپێکی خۆبەخش و شارەزا بۆ ئەوەی بەستاندەرە تازەکانی مافی مرۆڤ کار بکەن بۆ پاراستن و گەشەپێدانی مافی مرۆڤ.

هەر لەم مەراسیمەدا (خاتوو ئاڤگە) وتەیەکی پێشکەشکرد تیایدا ئاماژەی بەم دیاردەمەدەنیەکارییەدا کە دەکرێ لەمەودوا بە شێوازێکی زانستیانە مامەڵە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ بکرێ.

ڕاشیگەیاند کە ئەم گرووپە بە ڕێچکەی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا هەنگاو دەهاوێژن و دەبنە پێشەنگێک بۆ کەسانی دیکە لە پێناوی گەیاندنی هۆشیاری مافی مرۆڤ بەهەموو دەوروبەرەکاندا... ئینجا لێپرسراوی نوسینگە و مامۆستا عەلی کەریم ڕاهێنەری کۆرسەکە لە جیاتی گرووپەکە لە وتەکانییان ستایشی ڕۆڵی ئەم باڵوێزانەیان کرد بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزەی کە گرتیانە ئەستۆ بۆ گەیاندنی پەیامێکی مرۆڤایەتی وا کە پێویستە هەموو کەسێک پێی ئاشنابێت و شارەزایی لە مافی کەسێتی خۆی هەبێت. دواجاریش دەستکرا بە دابەشکردنی بڕوانامەکان بەسەر ئەم گرووپە و جەختیش لەسەر هاوبەشی و هەماهەنگی هەموو لایەک کرایەوە بۆ چاودێریکردن و پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ.

شایانی باسە لەم مەراسیمەدا ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی حکومەت و حیزبی ئامادەبوون.